

# هەنگەکانی خۆژیابە

**جەبار سابیر**
**(سلێمانی)**

ئێمە لە پەنجەرەکەوە دەمانبینی، دایکم ڕۆیشتبووە دەرێ و دەرگای داخستبوو. ترسی هەبوو بچینە دەرێ و شتێکمان بەسەر بێ، باوکم لە بەیانی زووەوە چووبووە دەشتودەر، وەک هەموو ڕۆژانی تر چووبووە سەر کشتوکاڵەکە و تا ئێوارەیش نەدەهاتەوە. ئێمە ڕۆژانە ئەمە حاڵمان بوو، بۆیە دەبوو خۆمان بە شتێکەوە سەرقاڵ بکەین و زۆرجاریش سەیری شەڕی چۆلەکەکان و جاری وایش هەبوو لە پشیلەیەک ورددەبووینەوە کە زۆر فێڵبازانە بۆسەی بۆ مشکێک دەنایەوە. بەرلەوەی بگاتە سەری پڕی پیابکا، پخکەیەکمان لێ دەکرد و ڕیسەکەمان لێ دەکردەوە بە خوری. وەک ئەوەی سەیری فیلم بکەین، ناو ماڵەکە تاریک و دەرەوە ڕووناک بوو، پڕ بە چوارچێوەی پەنجەرەکە، بەڵام تەنیا حەوشە و کەمێکی سەربانی گەوڕی ئاژەڵەکان دەبینرا.

حەوشەکەمان پڕبوو لە دارودرەخت و گەر لە ناوەندیشیدا بوەستایتایە، تەنیا کەمێک ئاسمانت دەبینی و هیچی تر. یەک دنیا باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ و چۆلەکە پاساری بە دارەکانی حەوشەوە نیشتبوونەوە و جیکەجیک و دەنگی خوێندنیان ئەو ناوەی پڕکردبوو. ئێمە سەرقاڵی سەیرکردنی باڵندەکان بووین، کتوپڕ یەک تۆپەڵی ڕەش بە گیزەگیزێکی زۆر و بێزارکەرەوە، لە کاتیکدا کە گێژ و خولی دەخوارد؛ خۆی بە حەوشەی ئێمەدا کرد. تۆپەڵێک کە جارجار درێژ دەبوو و دەچووەوە یەک و پێدەچوو بۆ شوێنێک بگەڕێ پێوەی بگیرسێتەوە. ترساین بێنە ژوورێ، بۆیە پەنجەرەکەمان داخست. بیرم دێ ساڵێک پێشتر بوو، جارێک تەیرەئەبابیلەیەک هاتە ژوورێ و هەتا کردمانە دەرێ، ئارەقەی شین و مۆرمان دەرکرد و هەموو ناوماڵەکەی شێواندین کە تەنیا ئەو تاقە ژوورە بوو. تۆپەڵەکە، ماوەیەکی زۆر بە حەوشەکە و بە نێو دارەکاندا گێژی خوارد و خڕ و درێژ بووەوە و دواجار خۆی بە یەکێک لە دارە بچووکەکانی سەر گەوڕەکەدا دا.

دارتوویەک بوو. پاش تاوێک بۆمان دەرکەوت هەنگە. بەهار بوو، هەنگ پوورەی دەدا و حەوشەی ئێمەیش بۆ ئەو کارە باشترین جێگە بوو.

تازە توو پێدەگەیشت، یەک دنیای گرتبوو، ڕۆژانە لێمان دەخوارد، توویەکی سپی مەیلەو پەمەیی بوو. باوکم بە تایبەتی بە نەمامی هێنابووی و بە ناوی ئێمەوە ڕواندبووی. لە چاوترووکانێکدا توووەکە لە هەنگدا ڕەشی کردەوە، تاقە گەڵایەک نەمابوو هەنگی پێوە نەبێ. ئێمە هەر سەیرمان دەکرد و خەمی ئەوەمان بوو هەنگەکان هیچمان بۆ نەهێڵنەوە، تەنانەت گەڵاکانیشی بخۆن. کتوپڕ پیاوێکی ڕەقەڵە لە دیواری تەنیشتمانەوە خۆی هەڵدایە ئەم دیو؛ هێندە بە پەلە خۆی هەڵدا، ڕێک دەتگوت لە ئاسمانەوە بەربووەتەوە حەوشەی ئێمە. جامانەیەکی لە دەموچاوی هەڵپێکابوو. ناسیمانەوە، خۆژیابەی دراوسێمان بوو. پیاوێک کە خولیا و ئارەزووی هەنگی هەبوو و یەک دنیا کوورەی لەماڵەوە هەبوو. خۆژیابە قژی لوول بوو، پێیان دەوت خۆژیابە قژ لوول. چوار منداڵی هەبوو؛ سێ کوڕ و کچێک. زۆر بەیانیان دوای چێشتەنگاو کە ئێمەیش تەنیا دەبووین؛ دەچووینە ماڵی ئەوان و لەگەڵ منداڵەکانی یاریمان دەکرد. ئەویش وەک باوکی ئێمە بەیانیان زوو دەچووە دەرێ و ژن و منداڵەکانی جێ دەهێشت. ژنەکەی ئەو زۆر نەدەچووە دەرێ، خۆی نەدەڕەنجاند. لە مێردەکەی گەنجتر و زۆریش جوان بوو. ناوی چی بوو؟! ناوی چی بوو؟! ئا بیرم کەوتەوە ناوی هەتاو بوو. ڕێک لە هەتاو دەچوو. کە ئێستا بە یادەوەریمدا شۆڕ دەبمەوە و دەگەڕێمەوە ئەو سەردەم و کاتە، شێوەیم زۆر پێ جوانە. لە ئاواییەکە لەو جوانتری تێدا نەبوو، تەنانەت ژنەکانیش بەردەوام باسی جوانییەکەیان دەکرد. ئیرەییان پێ دەبرد و دەیانوت ئەم ژنە چۆن هێشتوویەتی منداڵی لەو پیاوە ببێ، بەخوا قەت ئەقڵ نایبڕێ تا سەر پێکەوە بن. دەیانگوت لە شارەوە هاتووە و نازانین چۆن شووی بەم پیاوە قژ لوولە بێ مێشکە کردووە، کە جگە لە هەنگ، هیچ شتێکی تری بۆ گرنگ نییە. ئەوەشیان دەوت کە ژن بە ژن بووە و براکەی داویەتی بە ژن بۆ خۆی.

گەر یادگەم یارمەتیم بدا دەکرێ بەم جۆرە وەسفی بکەم؛ قژێکی خاوی ڕەشی درێژ و چاوبرۆی ڕەش، پێستێکی سپی و بریقەدار و باڵایەکی بەرز کە مێردەکەی لە چاویدا هیچ نەبوو و لە نیشانەی سەرسوڕمان و خاڵێک دەچوون پێکەوە لە کۆتایی دێڕێکدا دابنرێن. دەموچاوی هێندە سپی و تەڕوبڕ بوو، ئاماڵ پەمەیی بوو و گەر سەرمای زۆر بهاتایە بێ گومان توێ توێی دەکرد. ڕۆیشتنەکەی جۆرێک بوو، ڕەنگە وەسف نەکرێ. من بەو منداڵییەی خۆمەوە کاتێک ڕێی دەکرد و پشتی لێم بوو؛ سەرنجم دەچووە سەر لەرەی سمتەکانی و قەت بیرم ناچێتەوە. قسەکردنی جۆرێک بوو وەک ئەوەی پەشمەک لە دەمی بەربێتەوە و لەگەڵ خەڵک زۆر کەمدوویش بوو. هەڵبەت دواتر ئەمەم زانی و بینیم زۆریش سوێرە قسە و حەزی بە نوکتە و قسەی خۆشە و پێکەنینەکەی وەک ئەوەیە شەربە ئاوێک قلێپ بکەیتەوە. زۆر جار بە قژی تەڕەوە دەمبینی و هەمیشەیش قژی بەردەدایەوە سەر ڕوخساری و بەردەوامیش جلی کوردی لەبەربوو و دیاربوو حەزی دەکرد پێستە جوانەکەی دەربکەوێ.

***

زۆرجار ئێمە لەوێ بووین کە خولەی شۆفێر دەهاتە ماڵیان، خولە شۆفێری ئاوایی بوو. جێبێکی خۆڵەمێشی پێ بوو. خەڵکی دەبردە شار و دەیهێنانەوە و ئیتر ئەو بە جۆرێک هۆکاری پێوەندی شار و گوندەکەی ئێمە بوو. خۆی لەم ژن و مێردە نزیک کردبووەوە و دیاربوو جاروبار بە خۆڕایی دەیبردنە شار، ژنەکەی خۆژیابە زوو زوو دەچوو بۆ شار، سەردانی ماڵی باوکی دەکرد و دیاربوو شتێکیش لە گۆڕێیە، چونکە جگە لە خولە، شۆفێرێکی تریش هەبوو کە ئێستا ناوەکەیم بیر نییە، پێیان دەگوت چاو گوڵەباخ. ئەو پیکابێکی پێ بوو، بەڵام قەت ڕێک نەکەوت هەتاو لەگەڵ ئەو بچێتە شار و بێتەوە. من ئێستا هەست بەم شتانە دەکەم، ئەوسا هەر نەمدەزانی چی دەگوزەرێ.

ئێمە لە حەوشەکە یاریمان دەکرد و ئەویش دەهات و زۆر خۆمانەیی لە هەیوانەکەوە سڵاوی دەکرد، هەڵبەتە سڵاوی لە ئێمە نەدەکرد. تەنیا تووڕەبوونەکەی بۆ ئێمە بوو، یەکسەر دەیگوت بڕۆنە دەرێ و ئەم ناوماڵە پیس مەکەن. سڵاوی لە هەتاو دەکرد و ئەویش کورسییەکی بۆ دەهێنا و سوراحییەک ئاوی ساردیش، جارجاریش دۆ. ئەوان سەرقاڵی قسە و گاڵتەوگەپ دەبوون و ئێمەیش بێ ئاگا لە پیسی ئەم دنیایە، خەریکی یاری خۆمان بووین.

خولەی شۆفێر جاروبار دەستێکی دەکێشا بە لەشی هەتاودا و ئەویش قریوەقریو پێدەکەنی و کتوپڕ ئەو دووانە ون دەبوون و ئێمەیش هەستمان بە هیچ نەدەکرد. پاش ماوەیەک - ڕەنگە چارەکێک، یان زیاتر- دەهاتنەوە حەوشە و بەرهەیوانەکە و هەندێک قسەی تریان دەکرد و خولە ماڵئاوایی دەکرد و لە دەرگای حەوشەوە ئاودیو دەبوو. ئەم هاتنەی خولە ڕۆژە ناڕۆژێک دووبارە دەبووەوە و هەموو جارێکیش کە دەهاتنەوە هەیوانەکە؛ ڕوخساریان دەدرەوشایەوە و زۆرجار هەر لەوێدا خولە خۆی گورج دەکردەوە و لە چاویدا دیاربوو چی کردووە. تۆ بڵێی چی کردبێت؟!

ڕۆژێکیان لە گەرمەی چاوشارکێدا بووین، من چاوم شاردبووەوە و منداڵەکانی ئەو و برا بچووکەکەی خۆم، خۆیان دەشاردەوە، لەپڕ دەنگی پێیەکم بیست، چاوم کردەوە کەسم نەبینی. چوومە بەشی خوارەوەی ماڵەکەیان و منداڵەکانیم نەبینی، براکەی خۆیشم. ڕامکردە دیوی کۆڵان و لەوێیش کەسیانم نەبینی. هەستم کرد زەوی قووتی داون. بڕێک وەستام و چاوم بە کۆڵاندا گێڕا، بەڵام نەخێر هیچ دیار نەبوو و وەک نەبوویان لێهاتبوو. وەرسووڕام و بەپرتاو بەرەو بەشی سەرەوەی ماڵەکە و هەیوانەکە ڕۆیشتم، چۆڵ بوو. بینیم دەرگای ژوورەکە داخراوە. خەریکبوو خۆم بکەم بە ژووردا - وتم ڕەنگە لەوێ خۆیان شاردبێتەوە - و بینیم جووتێک قۆندەرەی ڕەشی زلە لە پێش دەرگاکەیە. زانیم پێڵاوەکانی خولەیە. پێشتر زۆر سەیرم کردبوون. سەرنجیان ڕاکێشابووم، چونکە لە ئاواییەکەدا کەس لەو قۆندەرانەی لە پێدا نەبوو و بە گشتی پێڵاوی لاستیک و کالەیان لە پێ دەکرد. ئەو پێڵاوانە گران بوون. دیاربوو خولەیش بۆ سەرنجڕاکێشانی هەتاو کڕیبوونی. سڵەمیمەوە و چوومە ژێر پەنجەرەکەی دیوی حەوشە. گوێم لە ورتە ورتیان بوو. هەتاو دەیوت هەتیو وازبهێنە. ئێستا تەواو بووی! هێزم لێ بڕا. خولەیش پێداگری دەکرد و خیزەی هەناسەی دەهات. دەیگوت؛ خەمت نەبێ، هەرچی بسکیت و بنێشتم پێ بوو دام بەوان و ڕۆیشتن. وتم بڕۆنە کۆڵانی سەرێ وا ساوەر دەکوڵێنن و دانوولە بخۆن.

هەتاو ڕازی نەدەبوو و خولەیش کۆڵی نەدەدا و دواجار دەنگی هەتاو نەما و هەناسەبڕکێی خولە زیاتر بوو و ڕامکردە بەشی خوارەوەی ماڵەکە و چوومە گەورەکەوە و لە پەنجەرەی بچووک و تەسکەوە سەیری هەیوانەکەم دەکرد. هێندەم زانی خولە هاتە دەرێ و بەنەخوێنەکەی بە دەستەوە بوو و بەرەو خوار هات و هەتاویش بە قژی شێواو و دەموچاوی بریقاوەوە، دەستێکی بۆ ڕاوەشاند.

***

هەندێک ڕۆژ کە خولە دەهات؛ هەتاو دەیکردینە دەرێ و بانگی منی دەکرد، دەیوت ئاگات لێیان بێ و بیانبە بۆ ناو ڕەزەکە بۆ لای باوکیان، تۆ لەوان گەورەتری، وریایان بە. ئەوێ بۆ ئێوە زۆر خۆشە. میوەی زۆریش هەیە بیخۆن. خولە هەندێک شتی خواردنی پێ بوو و کەمێکیشی دەدایە ئێمە، زیاتر بۆ ئێمە مژمژە و بنێشت بوو، بەڵام دیار بوو بسکیتی شەمائیل - هەشتییەکەی- و کێکی بۆ هەتاو هێنابوو. زۆرجار گوێم لێی دەبوو هەتاو دەیوت ئەرێ خولە تۆ ئەم بنێشتە خۆشانە لە کوێ دەهێنی؟ هەتاو هەمیشە بنێشتی لە دەمدا بوو و زوو زوو گلۆپی زۆر گەورەی پێ دەکرد و دەیتەقاند و دەنگی لێوە دەهات. هەمیشە حەزم دەکرد یەکێک لەو گلۆپانە بداتە من و وەک باڵۆن پێی بچمە ئاسمان. هەتاو دەرگای لە دوای ئێمەوە دادەخست و بەرەو ڕەزەکە بەڕێ دەکەوتین و ئەوانمان پێکەوە جێ دەهێشت. ڕەزەکەی خۆژیابە زۆر خۆشبوو، لە ناوەندی ڕەزەکەدا یەک دنیا سەوزە و میوەی کردبوو و چواردەوری ڕەزەکەیش بە شێوەیەکی زۆر ئەندازەیی و جوان کەڵەکی بەردی لێ دروست کردبوو. ئەوی ئەو کردبووی؛ قەت پێ نەدەچوو کاری تاقە مرۆڤێک بێت، ئەویش مرۆڤێکی بەم جۆرە لەڕ و لاواز و ڕەقەڵە. بە ڕاستی خۆژیابە هەر لە هەنگدا شارەزا و لێهاتوو نەبوو؛ وەک خەڵک دەیانگوت، بەڵکو لەم جۆرە کارەیشدا لە هەموو پیاوانی ئاوایی لێوەشاوەتر بوو و من لەو گوندەدا لەو ڕەز و باخە جوانترم نەدیبوو.

***

ناسیمانەوە، خۆی بوو، خۆژیابە بوو. بەو منداڵییەوە هەمیشە کە ناوی دەهات، من بیرم لە ناوەکەی دەکردەوە، قەت ناوێکی وەهام نەبیستبوو و پێم سەیربوو. ئاخر خۆژیابە یانی چی؟! هەرچەندە ئەگەرام ماناکەیم نەدەدۆزییەوە و چەند جارێکیش پرسیارم لە باوکم کرد ئەویش دەیوت بەخوا نازانم ڕۆڵە. ئەم پیاوە لەم گوندە نامۆیە و زۆر دەمێکە لەم گوندە نەماون و هێندە نابێ گەڕاوەتەوە. ئەم خانووەیش بە موڵکیی هی خۆیانە و

کاتی خۆی کە گوندەکە سووتاوە، لە ڕەشبگیرییەکەی "زەعیم سدیق"دا ئیتر ئەمان چوونەتە شار و نەگەڕاونەتەوە و ئێستایش دیارە لە شار ژیانی باش نەبووە؛ بۆیە هاتووەتەوە تا زەویوزاری باوکی ئاوەدان بکاتەوە. ئەوسا ئەم تازە پێدەگەیشت کە چوونە شار و ئێستا باوک و دایکی مردوون.

خۆژیابە دەموچاوی هەڵپێکابوو و هاتبوو هەنگەکەی بگرێتەوە. ئەو پیاوە هەنگی لە ژن و منداڵەکانی بۆ گرنگتربوو و زۆر بە عەشقەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن. کارتۆنێکی پێ بوو و دەیویست هەنگەکان بگرێتەوە و بیانخاتە ئەو کارتۆنەوە، بەڵام دیاربوو کارەکە بەو ئاسانییەیش نەبوو و ئەم جارە پێ دەچوو بەخت یاوەری خۆژیابە نەبێ. دەمانبینی خێرا خێرا هەنگ پێوەی دەدا و ئەویش نەیدەزانی چی بکات. هەموو جارێ دەنگی ئۆفیکی ئازاراویمان دەبیست و بە دوو پەنجە شوێنی پێوەدانەکەی دەگوشی و دەیویست چزوو و ژەهری هەنگەکە دەربهێنێ. دەمی خۆمان دەگرت تا دەنگی قاقامان نەبیستێ. هەرچەندە ئەو هەرگیز ئاگای لە ئێمە نەبوو و هەستی نەدەکرد ئێمە سەیری دەکەین. ڕووی دەکردە ئاسمان و کفر و ناشوکری دەکرد و حەزی نەدەکرد جنێو بە هەنگەکان بدات، بۆیە جنێوی بە خۆی و ڕەگ ڕەچەڵەکی دەدا و لەعنەتی بۆ ئەو ڕۆژە دەنارد کە تێیدا لە دایکبووە. هێندەی پێ نەچوو چاری نەما و هەستا و لە دیوارەکەوە خۆی هەڵدایەوە دیوی خۆیان و پاش ماوەیەک هاتەوە و قاپێکی پێ بوو، سەرەتا وامانزانی توو ئەخوات و خەممان لێ نیشت و گوتمان بەشی ئێمەی پێوە ناهێڵێ، بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت قاپەکە نەوتی تێدایە. هەر جارێک هەنگێک پێوەی دەدا، خۆژیابە پەنجەیەکی دەکرد بە قاپەکەدا و دواتر دەیدا لە شوێنی پێوەدانەکە. بیستبووم نەوت کاریگەری ژەهر ناهێڵێ و ئازاریش دەشکێنێ. ئێمە دەمان ژمارد، سەرگەرمییەکی خۆشبوو بۆ ئەو تەنیایی و زیندانیکردنەی ئێمە لە ماڵەوە. هەنگەکانمان دەژمارد کە بە خۆژیابەیانەوە دەدا و تازەیش من چووبوومە پۆلی یەکی سەرەتایی و نەمدەتوانی لە سەد زیاتر بژمێرم. تا سەدم دەژمارد و برا بچووکەکەم دەیگوت ئەمە یەک و بە بەردێکی تیژی بچووک، هێڵێکی لەسەر دیوارەکە دروست دەکرد. من دیسانەوە لە یەکەوە دەستم پێ دەکردەوە. لە ماوەی نزیکەی کاتژمێرێکدا کە ئێمە لە پەنجەرەکەوە سەیرمان دەکرد و لەگەل هەر پێوەدانێکدا، قاقا پێدەکەنین و خۆژیابەیش لە تاو ئازار لەم دیو پەنجەرەوەکەوە هەستی بە ئێمە نەکرد، وابزانم چوارجار گەیشتمە سەد و بینیمان هەنگەکان زۆر کەمیان کردووە و ئیتر تەنیا تۆپەڵەکە دیاربوو و گەڵاکان وەک پێشتر سەوزبوونەوە.

خۆژیابە ئەو تۆپەڵە هەنگەی بە زۆر کرد بە کارتۆنەکەدا و جامانەکەی تێئالاند، ڕەنگە هەنگەکان سێ لەسەر چواری مردبن، هەستا و ئاوری دایەوە و دەموچاوە هەڵئاوساوەکەیمان بینی کە تەنانەت دەمی خوار کردبوو، هێندەی پێوە دابوو. یەک ملیمی دەموچاوی نەبوو هەنگ پێوەی نەدابێ. ئەوەی باشبوو سەری ئەوەندە پڕبوو، لە هەژگ دەچوو؛ هەنگ پێوەی نەدەنیشتەوە، دەنا شوێنی ساغ لە سەریدا نەدەما، بەڵام دیاربوو سەرباری ژان و ئازاری خۆی، خەفەتی بۆ هەنگە مردووەکان دەخوارد. خۆژیابە ڕۆیشت و ئێمەیش هێوربووینەوە. لە تاوا قاپەکەی بیرچوو و ئێمە لە دوورەوە قاپەکەمان دەبینی و لاشەی یەک دنیا هەنگیش کە بەو ناوەدا بڵاوبووبوونەوە. ئاخر هەنگ لەگەڵ پێوەدان هەموو ناوسکی بە چزووەکەیەوە دێتە دەرێ و دەمرێ. هێندەی پێ نەچوو دایە هاتەوە و لەگەڵ کردنەوەی دەرگا لەسەر ئێمە، فرتەمان کردە دەرێ و چووینە سەر هەنگە مردووەکان و قاپە نەوتەکە. بینیمان یەک دڵۆپ نەوتی تێدا نەماوە، تەنانەت هەتاو قاپەکەیشی وشک کردبووەوە، هەڵبەتە هەتاوی ژنی نا.